Kurdistannet کوردستان نێت


# چاودێر

THE OBSERVER

Aweekly Political, Educational & Social Press

ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕوناکبیری کۆمەڵایەتی هەفتانەیە

ژمارە (٥٣) دوو شەممە ٢٠٠٥/١١/١٤


**ئەبو کاروان:**

## ئەگەر شیوعی لەجێگای یەکگرتوبوایە بەیەک کورسیش ڕازیدەبوو

هاوڕێ ئەبو کاروان ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: جیابوونەوەی یەکگرتووی ئیسلامی لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان لەڕوانگەی بەرژەوەندی حزبی خۆیانەوەیە،و دەبوایە بەرژەوەندیی گشتییان بخستایەتە پێش بەرژەوەندی حزبییەوە، بۆیە ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ وا دەخوازێ ئەوانیش لەنێو لیستەکەدابوونایە.

ناوبراو ئەوەیشی ڕاگەیاند: ئەگەر حزبی شیوعی لەجێگەی یەکگرتوو بوایە، ئەوا تەنانەت بەیەک کورسیش ڕازیدەبو هەر بۆ ئەوەی لەلیستی هاوپەیمانی کوردستانی جیانەبینەوە، هەروەک چۆن لەسەرکردایەتی حزبماندا ڕایەک هەبوو گەر کورسیشمان نەدرێتێ ڕازیدەبین لەنێو هاوپەیمانێتیەکەدا بمێنینەوە، لەبەر خاتری کێشە ڕەواکانی گەلەکەمان.

ئەبو کاروان گلەیشی کرد لەپارتی‌و یەکێتی کە دەبوایە لەنێو لیستەکەدا دەستکراوەتر بونایەو مافی هەندێ حزب‌و لایەنیان فەرامۆشنەکردایە.■

# پاکسازیکردنی (٨٠) شارەزاو بەڕێوەبەری گشتی

سەرۆکایەتیی دیوانی چاودێری دارایی- نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان بەنووسراوی ژمارە (٢٩٠) لەڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٦ کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (لەسلێمانی)- نووسینگەی تایبەتی سەرۆک کراوەو لەدوتوێی ڕاپۆرتێکی (٢٥) لاپەڕەییدایە، تیایدا داوا لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کراوە فەرمانبدات بە پێداچوونەوەو دەرکردن‌و کۆتایهێنان بە ڕاژەی (٨٠) بەڕێوەبەری گشتی، شارەزا، ڕاوێژکار، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی کە هیچ بنەمایەکی یاساییان تێدا نییەو بڕوانامەو هەروا ڕاژەی پێویستیان نییە بۆ ئەوەی ئەو پۆستانەیان هەبێ‌و تیایدا ئاماژە بەوەیش کراوە پێشێلکارییەکی زۆر هەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزارەت‌و دام‌ودەزگاکانی حکومەتەوە لەسەر ئەو بڕیارانە کە لەراپۆرتەکەدا دەستنیشانکراوە.

لەو نووسراوەدا کە ئیمزای جەمال سام ئاغا سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی بەسەرەوەیەو ڕاپۆرتێکی پێوە هاوپێچەو بە "نهێنی" ئاڕاستەی نووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کراوەو ئیمزای (٥) سەرۆکی دەستەی چاودێریی دارایی‌و (٢) چاودێری دارایی‌و بەڕێوەبەرێکی پێشکەوتووی بەسەرەوەیە، وردەکاری تیایە سەبارەت بە پێویستی لابردنی ئەو (٨٠) "شارەزا، بەڕێوەبەری گشتی، ڕاوێژکار،و یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی"یانە.

لەنێو ئەو ڕاپۆرتە نهێنییەی سەرۆکایەتیی دیوانی چاودێری داراییدا، چەندین ناو هاتوون، لەوانە: عیرفان جەمال کەرکوکلی کە پلەکەی ڕاوێژکارەو هیچ بەراییەک لە دۆسێیەکەیدا نیە، لەگەڵ بلێسە جەبار فەرمان کە پلەکەی بەڕێوەبەری گشتییەو بڕوانامەو پوختەی ڕاژە لەدۆسێیەکەیدا نییە. "ڕۆژنامەنووس" ئازاد صدیق محەمەد کە بەڕێوەبەری گشتیەو بڕاوانامەو پوختەی ڕاژە لەدۆسێیەکەیدا نییە. صلاح جمعە شکور کە پلەی بەڕێوەبەری گشتی پێدراوە. هوشار ئەحمەد محەمەد بەڕێوەبەری گشتی، هەڵگورد عەبدولوەهاب محەمەد بەڕێوەبەری گشتی، کاکەمەند کاکەرەش بەڕێوەبەری گشتییەو هەڵگری بڕوانامەی ناوەندییە. دلاوەر نوری محەمەد کە پلەکەی بەڕێوەبەری گشتییە بەڵام موچەو دەرماڵەی بریکاری وەزارەت وەردەگرێ لە دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پڕۆژە تایبەتەکان،و شادمان جەناب نوری کە پلەکەی شارەزایەو یەک ساڵ‌و دوو مانگ خزمەتی هەیە کە دەبێ لانی کەم (١٦) ساڵ خزمەتی هەبێ، سەرباری ئەوەی توێژینەوەی زانستی پەسەندکراوی نییە.



هەر لەو ڕاپۆرتە نهێنیەدا، ئاماژە بە پلەو ساڵی خزمەت‌و بڕوانامەکانی هەموو ئەوانە کراوە کە پلەی تایبەتیان دراوەتێ‌و دەبێ لاببرێن، لەبەرئەوەی بنەمای یاساییان نییەو ناوەکانیش لەهەریەکە لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران،و وەزارەتەکانی دارایی‌و ئابوری، تەندروستی، کشتوکاڵ‌و ئاودێری، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، پیشەسازی‌و وزە، خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ئەوقاف‌و کاروباری ئاینی، مافی مرۆڤ، پەیوەندی‌و هاوکاری، ڕۆشنبیری، ئەشغال‌و ئاوەدانکردنەوە، شارەوانی‌و گەشتوگوزار، گواستنەوەو گەیاندن، ناوخۆ،و دەزگاکانی فڕۆکەوانی نێودەوڵەتی سلێمانی، پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە، بەڕێوەبردنی پڕۆژە تایبەتەکان، شەهیدان، کارەبا،و هاندانی وەبەرهێنانی تێدایە.

ئەوەی لەو ڕاپۆرتەدا جێگای سەرسوڕمانە، بەشی زۆری ئەوانەی پلەی تایبەتییان دراوەتێ، بڕوانامەی ناوەندی‌و ئامادەییان هەیەو هەندێکی تریان ساڵی خزمەتیان تەواو نییەو ئەوانی تریش بەفەرمانی وەزیر ئەو پلانەیان پێ بەخشراوە کە ئەوە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە بەپێی یاسا، ئەمە سەرباری نەبوونی هیچ بەراییەک لە دۆسێی هەندێکیاندا.

"چاودێر" پێی وایە دانانی ئەو دەیان پلەوپۆستە، بەبێ ڕەچاوکردنی بنەماکانی زانستی‌و شایستەیی‌و ساڵانی خزمەت، زیانێکی گەورەی بەکاروباری حکومەت گەیاندووە.. هەر لەم جۆرە پلەوپایە تەخشان‌و پەخشان کردنەشەوە، گەندەڵییەکی زۆر لەفەرمانگەکاندا بڵاوبۆتەوە. بۆیە، زۆر گرنگە سیاسەتی پاکسازی کتومت ئەم پلەو پایە بەناهەق بەخشراوانە بگرێتەوەو بەزووترین کات کەسانی شایستە لەو شوێنە شیاوانە دابنرێن، بەبێ ڕەچاوکردنی ناسنامەی حزبایەتی■